حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية و الإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

ژمارە : ٦٠٥
ڕێکەوت : ڕێبەندان / ٢٧٢٤ کوردی

العدد :
التأريخ : ٢٢/ ١ / ٢٠٢٥

## گشتاندنی دارایی ژمارە (١)ی ساڵی /٢٠٢٥
## بۆ / گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت
## بابەت / جێبەجێکردنی بڕگەکانی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو

پاڵپشت بە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٩١) لە ٢٠٢٥/١/١٥ .

لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٥٩) لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (١٣٥) لە ٢٠٢٤/٧/٣ و پشتبەست بە بڕیاری دادگای باڵای ئیتحادی ژمارە (٢١٣/ اتحادیە / ٢٠٢٢) لە ٢٠٢٢/١١/٢٣ تایبەت بە جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠١٤) هەموارکراو بە یاسای ژمارە (٢٦)ی ساڵی (٢٠١٩) هەمواری یەکەمی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو لەسەر فەرمانبەرانی هەرێم هاوشێوەی فەرمانبەرانی حکومەتی ئیتحادی ، ئاماژە بە ڕاپۆرتی تیمی هاوبەشی وردبینی هەردوو دیوانی چاودێری دارایی ئیتیحادی و هەرێم لە ڕێکەوتی ( ٢٠٢٣/١٠/١٧ ) تایبەت بە ئەنجامی چاودێری و وردبینی ژمارەی فەرمانبەران و خانەنشینان و سوودمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتی لە هەرێم ، بڕیارماندا بە :-

**یەکەم :** پاڵپشت بە حوکمەکانی ماددەی (١/ یەکەم) لە یاسای ژمارە ( ٢٦ ) ی ساڵی (٢٠١٩) هەمواری یەکەمی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠١٤)ی هەموارکراو ، تەمەنی یاسایی خانەنشینی سەرجەم فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان دەکرێتە تەمەنی (٦٠) شەست ساڵی و هەر فەرمانبەرێک بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ تەمەنی (٦٠) شەست ساڵی ، پێویستە دەستبەجێ هەواڵەی خانەنشینی بکرێت .

**دووەم :** پاڵپشت بە حوکمەکانی ماددەی (٢) لە یاسای ژمارە (٢٦)ی ساڵی (٢٠١٩) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی / ٢٠١٤ ، ئەمانەی لای خوارەوە بەدەر دەکرێن لە تەمەنی یاسای خانەنشینی هاتوو لە خاڵی (یەکەم)ی لای سەرەوە و تەمەنی یاسایی خانەنشینیان دەبێتە تەواوکردنی تەمەنی (٦٣) شەست و سێ ساڵی بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ .

١- ئەو فەرمانبەرانەی یاسای ڕاژەی زانکۆیی دەیانگرێتەوە و هەڵگری ناونیشانی (پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەر)ن .

٢- پزیشکانی دادوەریی و پزیشکانی سڕکردن و پزیشکانی دەروونی .

٣- ڕاوێژکاران و ڕاوێژکارانی یاریدەدەر لە ئەنجومەنی شورای هەرێم .

Address-Erbil-60m-Beside Parliment
www.gov.krd
العنوان-اربیل -٦٠م- بجانب البرلمان
ناونیشان- هەولێر- ٦٠م -تەنیشت پەرلەمان
it.dep@mofe.gov.krd

٤- فرۆكەوانانی مەدەنی لەوانەی كاردەكەن وەك كاپتنی فرۆكە بە شێوەیەكی كرداریی و لەكاتی خۆیدا مۆڵەتی كاركردنی بەركاریان هەیە .

**سێیەم :** پاڵپشت بە حوكمەكانی ماددەی (٢) لە یاسای ژمارە (٢٦)ی ساڵی (٢٠١٩)ی یاسای هەمواری یەكەمی یاسای خانەنشینی یەكگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠١٤) بەدەر لە تەمەنی یاسایی خانەنشینی هاتوو لە خاڵەكانی (یەكەم) و (دووەم)ی لای سەرەوە ، ئەم فەرمانبەرانەی لای خوارەوە تەمەنی یاسایی خانەنشینییان دەبێتە تەواو كردنی تەمەنی (٦٥) شەست و پێنج ساڵی بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ .

١- ئەو فەرمانبەرەی كە بەپێی حوكمەكانی یاسای فەسڵكراوانی سیاسی ئیتیحادی ژمارە (٢٤)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەمواركراو گەڕێندراونەتەوە ڕاژە لەسەر میلاكی حكومەتی ئیتیحادی و دواتر گواستنەوەی ڕاژەیان بۆ كراوە بۆ سەر میلاكی حكومەتی هەرێمی كوردستان .

٢- ئەو فەرمانبەرەی كەسوكاری پلە یەك و پلە دووی ئەو شەهیدانەن كە یاسای ماف و ئیمتیازاتی كەس و كاری شەهید و ئەنفالكراوەكان لە هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی هەمواركراوە دەیگرێتەوە .

٣-ئەو فەرمانبەرەی یاسای ئیمتیازاتی زیندانیكراوە و ڕاگیراوی سیاسی كوردستانی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١١)ی هەمواركراو دەیگرێتەوە .

**چوارەم :** سەبارەت بە خانەنشینكردن لەسەرداوای فەرمانبەر ، هەر فەرمانبەرێك بە تەواوكردنی (٤٥ چل و پێنج ساڵ تەمەن و بوونی (١٥) ساڵ خزمەت فەرمانی خانەنشینكردنی دەرچووبێت بەر لە دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٥٩) لە ( ٢٠٢٤/٧/٣ ) ، پێویستە مامەڵەی خانەنشینییەكەی ڕایی بكرێت لە دوای ڕێكەوتی بڕیاری سەرەوە ، حوكمەكانی ماددەی (١٢/یەكەم) لە یاسای خانەنشینی یەكگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠١٤)ی هەمواركراو پیادە دەكرێت و پێویستە فەرمانبەرەكە تەمەنی (٥٠) پەنجا ساڵی تەواوكردبێت یان ڕاژەی خانەنشینییەكەی لە (٢٥) بیست و پێنج ساڵ كەمتر نەبێت .

**پێنجەم :** بە تەواوكردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی هاتوو لە خاڵەكانی (یەكەم و دووەم و سێیەم)ی لای سەرەوە ، فەرمانبەر سیفەتی فەرمانبەرێتی لە دەست دەدات و پێویستە لەسەر وەزارەت و فەرمانگەی نەبەستراو بە وەزارەت دەستلەكارترازاندنی بۆ بكەن لە پاش نیوەڕۆی دواهەمین ڕۆژی تەواوكردنی.تەمەنە یاساییەكەی ، بەبێ چاوەڕێكردنی گەڕانەوەی ڕەزامەندیی لایەنە پەیوەندیدارەكان . بە

پێچەوانەوە ، ئەو ماوەیەی فەرمانبەرەکە لە دوای تەواوکردنی تەمەنە یاساییەکەی لە وەزیفەکەیدا دەمینێتەوە بۆ هیچ مەبەستێک ئەژمار ناکرێت و هەموو ئەو مووچە و دەرماڵەیەی بۆی خەرجکراوە لێی وەردەگیرێتەوە و فەرمانبەری تایبەتمەندیش ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەکرێتەوە .

**شەشەم** : بەو فەرمانبەرانەی کە لە پێش ڕێکەوتی ( ٢٠٢٥/١/١ ) بە گوێرەی ماددەی (١/ سێیەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە (٢٧)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی هەموارکراو ڕەزامەندیی درێژکردنەوەی خزمەتی وەزیفییان لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ ئەنجامدراوە ، ئەوا لە خزمەت بەردەوام دەبن تاوەکو تەواوبوونی ئەو ماوەیەی خزمەتی وەزیفییان بۆ درێژکراوەتەوە لەوە بەدواوە . پێویستە ڕاستەوخۆ هەواڵەی خانەنشینی بکرێن .

**حەوتەم** : گشت وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت پێویستە پابەندبن بە بەرزنەکردنەوەی پێشنیاری داوای درێژکردنەوەی تەمەنی یاسایی خانەنشینی بۆ فەرمانبەرانیان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ، لەبەرئەوەی بەپێی حوکمەکانی ماددەی (١٣) لە یاسای ژمارە (٢٦)ی ساڵی (٢٠١٩)ی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠١٤) ، درێژکردنەوەی ڕاژەی فەرمانبەر لە کاتی تەواوکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی فەرمانبەران هەڵوەشاوەتەوە .

هەشتەم : ئەو فەرمانبەرەی هەواڵەی خانەنشینی دەکرێت بە گوێرەی ئەو دۆخانەی لە خاڵەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم)ی لە سەرەوە هاتووە ، شایستەی هەموو ئەو ماف و جیاوگانە دەبێت کە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠١٤)ی هەموارکراو پێی دەدات ئەگەر هاتوو مەرجە یاساییەکانی شایستەبوونی تێدا بەدی هاتبێت .

**نۆیەم** : سەرجەم ئەو فەرمانبەرانەی کە بە پێی ئەم گشتاندنە تەمەنی یاسایی خانەنیشن بوونیان تەواو کردووە و خانەنشین نەکراون ڕەوانەی خانەنشینی بکرێن و ڕێکەوتی دەست لە کار هەڵگرتن لە کاریان بە ڕێکەوتی ( ٣١ / ١٢ / ٢٠٢٤ ) پاش نیوەڕۆ بۆ بکرێت ، مامەڵەکانیان ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی پەیوەندیدار بکرێت .

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية و الإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

ژمارە : ٥٠٢
ڕێکەوت : / ڕێبەندان/ ٢٧٢٤ کوردی

العدد :
التأريخ : ٢٢/ ١ / ٢٠٢٥

دەیەم :سەرجەم ئەو فەرمانبەرانەی کە بە پێی ئەم گشتاندنە تەمەنی یاسایی خانەنشین بوونیان لە ( ١ / ١ / ٢٠٢٥ ) و بەرەوە سەرەوە تەواو دەبێت بە پێی ڕۆژ و مانگ و ساڵ ڕەوانەی خانەنشینی بکرێن.

بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست..... لە گەڵ ڕێزدا

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی و ئابووری
٢٠٢٥/١/

وێنەیەک بۆ:-
- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- پەرلەمانی کوردستان – عیراق / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ س. دیوان/ ف. گ . کارگێری و دارایی/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- ئەنجومەنی وەزیران / سکرتارییەتی ئەنجوومەن / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی داد/ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وقایعی کوردستان/ بۆ ئاگاداریتان و بڵاوکردنەوەی.. لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی دادوەری/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی دەسپاکی/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست.. لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی ڕاوێژکاران / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بەوەزارەت/ بۆ جێ بەجێ کردنی کاری پێویست .
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بۆ جێ بەجێ کردنی کاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی ( هەرێم , هەولێر , ( ١ , ٢ ) ی سلێمانی , دهۆك , هەڵەبجە , گەرمیان , سۆران , ڕاپەڕین , ئاکرێ , زاخۆ , کۆیە , چەمچەماڵ , ئامێدی ) / بۆ جێ ب ەجێ کردنی کاری پێویست .
- بەڕێوەبەرایەتی دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون / لە گەڵ سەرەتاکان.
- دوسیەی سوراو / سیستەم لەگەڵ سەرەتاکان .

س-٢٢-١-٢٠٢٥


ناونیشان- هەولێر- ٦٠م -تەنیشت پەرلەمان
العنوان-اربيل -٦٠م- بجانب البرلمان
Address-Erbil-60m-Beside Parliment
www.gov.kurd
it.dep@mofe.gov.krd